گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(1).Paper12

ڕێــكەوتــی وەرگــرتــن: ٢٠٢٢/٠٩/٢٥
ڕێكەوتی پەسەندكردن: ٢٠٢٢/١١/٢٨
ڕێـكەوتی بڵاو كردنەوە: ٢٠٢٤/٠٢/٢٩

# سیستەمی کارگێڕی و بەڕێوەبردن لە دەوڵەتی ئەشكانیدا (250 پ.ز-224ز)

**حلمی رسول رضا[1] - ابراهیم عبدالله احمد[2]**

ibrahim.abdulla@uor.edu.krd - hilmi.rasool@uor.edu.krd

[1+2]بەشی مێژو، کۆلێژی زانستە مرۆییەکان، زانكۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە:

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (سیستەمی کارگێڕی و بەڕێوەبردن لە دەوڵەتی ئەشکانیدا) (250 پ.ز–224 ز) تیشکی دەخاتە سەر لایەنی کارگێڕی و ڕەهەندە جیاوازەکانی بەڕێوەبردنی وڵات وەک لایەنی سەربازی، کۆمەڵایەتی، ئابوری و .....هتد سەردەمی دەوڵەتی ئەشکانی، توێژینەوەکە لە سێ تەوەری سەرەکی و دەرەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتوە.

تەوەری یەکەم بریتییە لە سیستەمی حوکمڕانی و کارگێڕی و سەربازی کە تیشک دەخاتە سەر چەمکی کارگێڕی و پاشان سیستەمی دەسەڵات و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی وڵاتەکەیان ڕون دەکاتەوە و دواتر سیستەمی سەربازی و پێکهاتەی سوپا و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی سەربازی دەخاتە بەر باس، تەوەری دوەم تیشک دەخاتە سەر سیستەمی کۆمەڵایەتی و ئابوری، و هەوڵ دراوە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمە و پاشان بەڕێوەبردنی ئابوریی وڵات شیبکاتەوە، هەرچی تەوەری سێیەمە تیشک دەخاتە سەر سیستەمی دادوەری و یاسا و چۆنیەتی جێبەجێکردنی سزا و دواتر بۆ باسکردن لەسەر ئایین و ئایینزاکانی سەردەمی ئەشکانییەکان تەرخانکراوە.

**کلیلە وشەکان:** ئێران، ئەشکانی، بەڕێوەبردن، سەربازی، کۆمەڵایەتی، ئابوری، ئایینی.

## پێشەکی:

هەمو پێکهاتەیەکی سیاسی لە مێژودا پەیڕەوی هەندێک بنەما و پرەنسیپ دەکات کە پێکهاتەی ئەو دەوڵەتە دروستدەکات و چەندین ڕەهەندی هەیە کە گرینگترینیان چۆنیەتی بەڕێوەبردنی وڵات، بارودۆخی کۆمەڵایەتی، یاسایی، سەربازی، ئابوری و ئایینیە و پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ جۆری سەقامگیری و

ناسەقامگیری سیاسی هەیە و بەو پێیەش ئێمە دەتوانین مانەوە و نەمانی دەسەڵاتە سیاسییەکان لە مێژوی کۆن و تەنانەت مێژویی نوێش ڕون بکەیەنەوە.

**ئامانج و گرینگی توێژینەوەکە:** سەردەمی ئەشکانی یەکێکە لەو سەردەمە مێژوییانەی کە کەمتر بایەخی پێدراوەو لە زۆربەی کاتەکان زانیارییەکان سەبارەت بەم دەوڵەتە کەم و ناڕونە و هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ کەمتر جەختکردنەوە و تاوتوێ کردنەوەی ئەم قۆناغە مێژوییە، هەر بۆیە پێویستە توێژینەوە لەسەر لایەنە جۆراوجۆرەکانی سیستەمی سیاسی و بەڕێوەبردنی وڵاتەکە، هەروەها لایەنەکانی دیکەی ژیانی کۆمەڵایەتی بکرێت و لە هەنگاوی دوهەمیشدا جۆری پەیوەندی نێوان دەسەڵاتی سیاسی و شێواز و سیستەمی بەڕێوەبردنیان ڕون بکرێتەوە؛ ئەمەش دەکرێت ببێتە بنەما بۆ توێژینەوەی بەراوردکاری داهاتو و هەڵسەنگاندنی ئەشکانییەکان لەگەڵ ئیمپراتۆرییەت و دەسەڵاتە سیاسییەکانی دیکەی ئێرانی کۆن و تەنانەت مێژوی کۆنی دەرەوەی ئێرانیش.

**سنوری توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە ڕونکردنەوەیەکە لەسەر چۆنەتی و شێوازی بەڕێوەبردنی وڵاتەکەو و لایەنەکانی سیستەمی کۆمەڵایەتی، یاسایی، سەربازی، ئایینی و ئابوری لە سەردەمی دەوڵەتی ئەشکانی (250 پ.ز-224 ز) دەکات و پشت ئەستورە بە سەرچاوە ڕەسەن و لێکۆڵینەوە زانستییەکانی دیکە.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** لەم تۆژینەوەیەدا هەوڵدراوە چەندین شێواز و میتۆدی لێکۆڵینەوەی مێژویی، بەتایبەتی میتۆدی وەسفی و کۆکردنەوەی سەرچاوە و شیکاریان بەکاربهێندرێت و لەم پێناوەشدا هەوڵدراوە بەپێی توانا جەخت بکرێتەوە لەسەر زانیارییە ڕەسەنەکان کە زۆربەیان بە زمانی فارسین و سودیان لێوەربگیرێت.

**بەشەکانی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان، لە سێ تەوەری سەرەکی پێکهاتوە هەر کام لەو تەوەرانەش بەسەر چەند بەشێکدا بەپێی پێویستی لێکۆڵینەوە کە دابەشبون. تەوەری یەکەم بریتییە لە سیستەمی دەسەڵات و کارگێڕی و دابەشکاری ویلایەتەکان و دواتر سیستەمی سەربازی و سوپای ئەشکانییەکان ڕوندەکاتەوە، تەوەری دوەم سیستەمی کۆمەڵایەتی بە جەختکردنەوە لەسەر توێژەکانی کۆمەڵگە وەکو خانەدانەکان، پیاوانی ئایینی، جوتیارەکان و کۆیلەکان و دواتر بارودۆخی ئابوری لەخۆدەگرێت و بەشی سێیەمیش دابەشکراوە بەسەر دو باسی ئایین و دادوەری کە لە بەشی ئاییندا جۆرەکانی ئایینەکانی ناوخۆی دەوڵەتی ئەشکانی و ئایینە بێگانەکان باسکراوە و دواتریش سیستەمی دادوەری خراوەتە بەرباس.

## تەوەری یەکەم: سیستەمی حوکمڕانی و کارگێڕی و سەربازی

### أ: سیستەمی دەسەڵات و کارگێڕی

هاوکات لەگەڵ شانشینی سلوقی(سلوکی)* لەبەشێک باکوری خۆراسان و خارزم هۆزێک دەسەڵاتدار بون کە بە ئەشکانییەکان (فرثییەکان) دەناسران و لەساڵی 250پ.ز دژ بە سلوکییەکان هەڵگەڕانەوە و بو بەدەستپێکێک بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی بەهێزی پارثی یان ئەشکانی (نراقی،1378: 34). شەڕە سەربەخۆییخوازەکانی ئەرشاق (ئەرساسس-ئەرشاک-Arsaces) لە نێوان ساڵەکانی (250-247 پ.ز) بو؛ ئەشکانییەکان پاوانخوازی خۆیان بەداگیرکردنی گورگانەوە (جرجان) دەستپێکرد (فرای، 1386: 292). لەدوای ئەرشاق براکەی تیریداتسی یەکەم(Tiridates) (248-214پ.ز) دەسەڵاتی گرتەدەست و ئەشکانییەکان ساڵی هاتنە سەردەسەڵاتی تیریداتسی یەکەم بەخاڵی دەسپێکی مێژوەکەیان دادەنێن (ورستاندیک، 1386: 23). تیریداتس بۆ ڕێزلێنان لەبراکەی ناوی خۆی نا ئەرشاک و لەوە بەدواوە هەمو پاشاکانی ئەشکانی بۆ شانازیکردن و هەمیشەیی کردنی ناوی ئەرشاک، ناوی ئەویان بە ناوەکەی خۆیانە وە زیادکرد (میرسعیدی، 1387: 68). وڵاتی ئەشکانی بەسەر چەند وڵاتێکی بچوکدا دابەشببو کە گەیشتبوە (11) هەرێم کە لەلایەن دەسەڵاتدارێک ناسراو بە (والی) فەرمانڕەوایی دەکران (باقر و آخرون، 1980: 103).

کارگێڕی وەکو سەرجەم بەشەکانی دیکەی زانستە مرۆییەکان لێکدانەوە و پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە و چەمکێکی گشتگیر سەبارەت بە پێناسەی کارگێڕی بونی نییە؛ هەر بۆیە پێناسە جۆراوجۆرەکان دەخەینەڕو تا لە کۆتاییدا خاڵە هاوبەش و بەرچاوەکان لە ڕیزبەندی ئەو چەمکە بەڕونی دەربکەوێت.

پسپۆڕێک باس لە چەمکی بەڕێوەبردن یان کارگێڕی دەکات؛ کە بریتییە لە چالاکی کۆمەڵایەتی و بەرپرسیارێتی لەخۆدەگرێت بەرانبەر بە پلاندانانی ئابوری و ڕێکخستنی کارگێری بۆ کارەکانی ڕێکخراو لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجێک یان کارێکی دیاریکراو ( بربر،1996: 14). بۆچونێکی دیکە دەربارەی کارگێڕی بریتییە لە بەڕێوەبردنی کارەکان و پێشبینیکردن و پلانسازی و ڕێکخستن و دەرکردنی فەرمانەکان و چاودێریکردنیان (محمد درة، 2009: 17).

هەندێکی دیکە لە زانایانی بواری بەڕێوەبردن، تێگەیشتنێکی فراوانتریان هەیە و بەشێوەیەکی فرەڕەهەند لەسەر چەمکی بەڕێوەبردن دواون؛ بۆ نمونە پێیانوایە بەڕێوەبردن بریتییە لە پلاندانان، ڕێکخستن و بڕیاردان و سەرکردایەتیکردن و چاودێریکردنی ئەندامانی ڕێکخراو و بەکارهێنانی سەرچاوەکانی ڕێکخستنی مرۆیی و دارایی و زانیارییەکان، ئەویش بەمەبەستی بەدەستهێنانی ئامانجە ڕێکخراوەییەکان بەوپەڕی تواناوە (محمد درة، 2009: 17).

لە مێژودا بەپێی ئەو بەڵگانەی لەبەردەستن دەکرێت بڵێین کارگێڕی لە کۆمەڵێک کردەوە پێکدێت کە ئامانجەکەی جێبەجێکردنی سیاسەتی گشتییە و ئەمەش سەرجەم بوارە شارستانی، ئابوری، کۆمەڵایەتی،

سەربازی و دادوەرییەکان دەگریتەوە (الكرمی، 2007: 27). کەواتە دەسەڵاتەکان بەگشتی ئەو لایەنانەی ژیانی کۆمەڵایەتی کە پەیوەندی بەوانەوە هەیە بەڕێوەی دەبەن و ئەمەش زۆر لایەنی جیاواز لەخۆدەگرێت، بۆ نمونە کاتێک دەسەڵاتێک ئاینی بێت وەک زۆربەی ئیمپراتۆرییەتەکانی ئێرانی کۆن بەڕێوەبردنی وڵات تەنها لە ئاستی سەربازی و سیاسی و بازرگانیەوە نابێت، بەڵکو لایەنەکانی بیروباوەڕیش لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا کاریگەری خۆی هەیە؛ بەپێی پێناسەکان دەبێت زۆربەی ئەو ڕەهەندانەی کاریگەریان لەسەر ژیانی مرۆیی لە مێژویی کۆندا هەیە بخریتەڕو، بۆ نمونە لایەنی حوکمرانی و بەڕێوەبردن، سەربازی، ئابوری، کۆمەڵایەتی و یاسایی و هتد...

دەوڵەتی ئەشکانی لەسەر بنەمای هۆزایەتی دامەزرا و ئەم دەوڵەتە لە دو بەشی ئەشکانی (فرثی) و وڵاتانی تری سەر بە ئەشکانییەکان پێکهاتبو کە ئەوانیش بە دو جۆر دامەزرابون، یەکەم ئەوانە بە دانیشتوانی ویلایەتەکانی ئەشکانییەکان هەژماردەکران، هەریەکە و حاکمێکیان بۆ دیاریکرابو. دوەم ئەوانەی کە ژێردەستی ئەشکانییەکان بون بەڵام لەلایەن پاشا خۆجێییەکانەوە فەرمانڕەواییان دەکرا و بە تەواوی لە کاروباری ناوخۆیاندا ئازاد بون (بیکرمان، 1386: 282)، هەروەها ئەو حاکم و دەسەڵاتدارانەی لەلایەن پاشاکانی ئەشکانییەوە دەستنیشان دەکران لە بەرامبەر پاشادا بەرپرسیار دەبون و لە نمونەی ئەوانە میدیا، ئازەربێجان و فارس بون و پێویستیش بو خەڵکی ویلایەتەکە بونایە (پیرنیا، 1386: 2161).

یەکە ئیدارییەکانی ئەشکانی بریتیبون لە نوسینگەی پاشا، ئیدارەی جەنگ، جبەخانە، دارایی، چاپارخانە (پۆستەخانە)، فەرمانگەی گومرگ و بازرگانی و پەیوەندییەکان (سرافراز و فیروزمندی، 1373: 296)، لە حکومەتی ئەشکانیدا زۆرجار ڕێکخراوە بەڕێوەبەرییەکانی دەوڵەتی سلوکی بەردەوام بون و هەرچەندە زۆربەی ویلایەتەکانی سەردەمی سلوکی تێکشکابون، بەڵام دەسەڵاتی سەربەخۆی (والی–ستراپەکان) مایەوە و لەو ڕوەشەوە سەردەمی ئەشکانی وەک لە نەریتەکانی سەردەمی ساسانیدا (224پ.ز.-651ز) هاتوە شێوازی بەڕێوەبردنی ئەشکانییەکان درێژەپێدەری شێوازی ئەسکەندەری مەکدۆنی (356–323 پ.ز) بوە (دیاکونوف، 1394: 67)، لە ڕاستیدا ئەشکانیەکان وردەوردە لە پاشماوەکانی دەوڵەتی سلوکی دەوڵەتێکیان پێکهێنا و پێگەیەکی سەربازی گەورەیان لە بەشی چەپی دیجلە لە بەرامبەری پێتەختی سلوکییەکان دروستکرد کە دواتر بە تەیسفۆن پێتەختی ئەشکانییەکان ناسرا (گیرشمن، 1380:238)، جگە لەو ناوچانەی کە بە "مەحروسە یا پارێزراو"ی وڵات دادەنرا و وەک پارێزگایەکی ئەشکانیش هەژمار دەکران؛ ژمارەیەک ناوچەی دیکە هەبون کە سەرەڕای ڕاگەیاندنی پەیڕەویکردن لە پاشاکانی ئەشکانی بەڵام وەک ویلایەتی ئەو وڵاتە هەژمارنەدەکرا، بۆ نمونە عیلام و ماد و ئەرمینیا کاتێک لەڕوی بەڕێوەبردنەوە لە ژێر حوکمڕانی

ئەشکانیدا بون لەو جۆرە ویلایەتەبون و جگە لە بەخشش یان دیاری، تەنها لە کاتی پێویستدا دەبو یارمەتی سەربازی بۆ حکومەتی ناوەندی دابینبکەن (زرینکوب،1374: 352).

پێکهاتەی ناوخۆیی دەوڵەتی ئەشکانی یەکدەست نەبو، زۆر شانشینی بچوکی وەک پارس و ئەلیمائید و مسن لە باشور و باشوری ڕۆژئاوا، ماد و ئاترۆپۆتن لە باکوری ڕۆژئاوا، هیرکانیە و سێسکتان (سیستانیان سخستان) لە ڕۆژهەڵاتی ئێران بەشێک بون لەو دەوڵەتە (پیرنیا، 1386: 2161)، هەندێک لەو شانشینانە لەلایەن شازادەکانی ئەشکانییەوە یان لقەکانی دیکە ئەوان فەرمانڕەوایی دەکران، لە هەندێک کاتدا پاشا خۆجێییەکان کە دانیان بەدەسەڵاتی فەرمی ئەشکانییەکان دانابو حوکمیان دەکرد. جێگەی ئاماژەیە کە پلە و ئاستی وەڵاتیبونی ئەم شانشینانە لەبەرانبەر حکومەتی ناوەندی لە وڵاتە جیاوازەکان و کاتی جۆراوجۆردا جیاواز بو (دیاکونوف، 1394: 68)، بەگشتی دەکرێت بەم شێوەیە ئاماژە بە سیستەمی بەڕێوەبردن و حوکمڕانی ئەشکانییەکان بکەین کە بنەمای فەرمانڕەوایەتی ئەشکانی لەسەر سیستەمی دەرەبەگایەتی بوە کە هاوشێوەی سیستەمی دەرەبەگایەتی ئەوروپا لە سەدەکانی ناوەڕاست بوە (باقر و آخرون، 1980: 103)، لەو دەرەبەگانە حەوت خێزانی خانەدانی گەورە ناوبانگیان دەرکردوە کە لەسەروی هەمویانەوە بنەماڵەی (ئارشاقی) ناوی دێت و لوتکەی هەرەمەکەی گرتوە، دوای ئەو بنەماڵە گەورانە زنجیرەیەک لە میرەکان و سوارەکان لە خوار هەرەمەکەوە دێن و لە کۆتاییدا جوتیارەکان و چینە هەژارەکان دێن، لەم سیستەمە دەرەبەگایەتییەدا ڕێسا و سیستەمێکی تایبەت بۆ هاتنە سەر تەخت نییە، بە پێویستیش نەزانراوە کوڕ شوێنی باوکی بگرێتەوە؛ هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە خانەدانەکان لە هەڵبژاردنی پاشای نوێدا لە ئەنجومەنێکی تایبەت بەخۆیان بۆچونی خۆیان دەردەبڕی و ئەم چینە بنەمای حوکمڕانی ئەشکانییەکانی پێکدەهێنا و لەهەمان کاتیشدا هەر ئەو سیستەمە بو بەهۆی لە ناوبردنی دەوڵەتی ئەشکانی (باقر، 2018: 404)، هاوکات لەگەڵ خانەدانەکان پیاوانی ئایینیش ڕۆڵێکی گرینگیان لە بەڕێوەبردنی وڵات و حوکمڕانی هەبوە و ئەنجومەنێکی تایبەت بەخۆیان هەبوە کە لە چینی (مەجوسەکان –Magi)** پێکهاتبو و ئەرکی ڕاوێژکاریان هەبو و پەیوەندییەکی نزیکیان لەگەڵ دەسەڵات هەبوە (باقر و آخرون، 1980: 103).

### دابەشکاری و بەڕیوەبردنی ویلایەتەکان

بەپێی بەڵگە مێژوییەکان لە ساڵی (٢.ز) باس لە بونی ویلایەت دەکرێت لە دەوڵەتی ئەشکانیدا (سرافرازو فیروزمندی، 1373: 295) و لە یەکێک لە دەقە کۆنەکانی سەردەمی ساسانییەکان باس لە دوسەد و چل دەسەڵاتی خۆجێیی لە ساڵانی کۆتایی دەوڵەتی ئەشکانی دەکات (کارنامە، 1378: 1). نوسەرانی مێژوی کۆنی ئێران باس لەوە دەکەن کە 18 وڵات سەربە ئەشکانییەکان بون، کە 11 لەوانە ئاستێکی بەرزیان هەبو و 7 وڵاتەکەی دیکەش لە ئاستێکی خوارتردا بون؛ هەندێک لە ویلایەتەکانی وەک ماد، ئەرمینیا، ئیلام، فارس

(پارس)، خراکینە (کەرخ-خرسن-characene)***دەیانتوانی دراو لێبدەن، و ویلایەتەکانی دیکەیش لەلایەن خانەدانەکانی ئەشکانییەوە بەڕێوەدەچون و بەشێوەی میراتی دەبونە والی ویلایەتەکان و لەلایەن پاشای ئەشکانییەوە دادەنران (جوادی، 1380: 251).

کاتێک ئەشکانییەکان سەروەری خۆیان بەسەر ناوچەی فارس و بەشەکانی دیکەی دەوڵەتەکەیاندا سەپاند، والی یان پاشا خۆجێییەکان کە لەلایەن سلوکییەکانەوە دانرابون، تا ئەو کاتەی حوکمی ئەشکانییەکانیان قبوڵ دەکرد دەیانتوانی لەسەر دەسەڵاتەکەیان بمێننەوە (خدادایان، 1386: 112)، ئەم دان پێدانانە لە هەمان کاتدا ماناى مەرجێک بو بۆ پەسەندکردنی مافی دەرکردنی دراوی ناوخۆیی و مافە یاساییەکانی دیکە (زرینکوب، 1374: 353)، ئەم پاشا بچوکانە سیاسەتی تایبەتی خۆیان هەبو لە هەندێک بارودۆخی سیاسیدا ئەوان دەستیان هەبو لە ناکۆکی هاتنە سەرتەختی پاشاکانی ئەشکانی و تەنانەت خولیای سەربەخۆیی تەواویان هەبو لە بەرامبەر دەوڵەتی ئەشکانی (گرانتوسکی، 1386: 189)، کۆی سیستەمی بەڕێوەبردن و شێوازی دابەشکاری، ویلایەتەکان؛ ڕۆمانییەکانی گەیاندە ئەو ئەنجامە کە دەوڵەتی ئەشکانی لە سەدەی یەکەمدا زیاتر وەک یەکێتی پاشاکان پێناسە بکەن نەک وەکو دەوڵەتێکی یەکگرتو (ویزهوفر، 1392: 136).

دابەشبونی ویلایەتەکان بۆ حکومەتە بچوکەکان ڕاستەوخۆ پەیوەندی لەگەڵ مەودای ژیانی دەوڵەتی ئەشکانی هەیە کە بە تێپەڕبونی کات زیاتر هەرەسی هێنا، لە سەردەمی مێهردادی دوەمدا (124-87 پ.ز) کە سەردەمی بەرزی و گەورەیی دەوڵەتی ئەشکانییە، وڵات لە هەژدە ویلایەت تێنەدەپەڕی (شوشتری و محمدی، 1321: 100).

بە گشتی بەهۆی ئەوەی کە ئەشکانییەکان هۆزێکی بیابانی بون کاتێک هاتنە سەر دەسەڵات، هەمان شێوازی سلوکیان درێژەپێدا و لە سەرەتادا گۆڕانێکی بنەماییان دروستنەکرد و وڵات بەشێوەیەکی بەربڵاو بەڕێوەدەبرا و پەیوەندی نێوان پاشا و حکومەتە خۆجێیەکان زۆر ڕون نییە، بەردەوام جۆر و ئاستی چاودێری بەسەر دەسەڵاتە ناوچییەکان دەگۆڕدرا و هەر بەم هۆیەشەوە بو کە لە دو سەد ساڵی کۆتایی ئەشکانییەکاندا خواستی سەربەخۆ بون گەشەی کرد (کالج،1388: 73)، ئەم بەربڵاوییە بو بەهۆکارێک کە ئەشکانییەکان نەتوانن بەشێوەیەکی ڕێکوپێک سیستەمێکی بەڕێوەبەری پێکبهێنن (باقر، 2018: 404).

**ب: سیستەمی سەربازی**

کۆمەڵگەی فارسی لە سەردەمی ئەشکانیدا لەسەر دابونەریتەکانی پێشویان بەردەوام بون، خانەدانەکان سەرقالی شەڕ و ڕاوکردن بون، جگە لەوەش دەوڵەتی ئەشکانی سوپایەکی سەربازی ڕێکخراوی نەبوە، بەڵکو هەمو دەرەبەگەکان سوپای تایبەت بەخۆیان هەبوە و لەکاتی شەڕدا خۆیان و لایەنگرانی

شەڕکەریان لە ئازادەکان و کۆیلەکانیان پێشکەش پاشای ئەشکانی کردوە (باقر، 2018: 404)، بەگشتی خانەدانەکان بەرپرسبون لە ئامادەکردنی چەکی سوپا و هێزی شەڕکەر و لە ڕێگەی ئامادەکردنی سوارەی چەکداری مەشق پێکراو و پڕچەکی قورس ڕۆڵێکی گرینگیان هەبو (باقر و آخرون، 1980: 104).

سوپای ئەشکانییەکان فەرماندەییەکی دیاریکراوی نەبوە؛ ئەوکاتەی کە لە ئاسیای ناوەڕاست بون سیستەمێکی تایبەت بە خۆیان هەبو، بە لاّم کاتێک بەرەو ئێران هاتن هونەری جەنگی سلوکیان وەرگرت، ئەو شێوازە بریتیبو لە بەکارهێنانی سەربازانی بەکرێگیراو کە چەکی قورس و سوکیان پێبو، لە دو بەشی سوارە و پیادە پێکدەهاتن (شیپمان، 1386: 241)، سەرکەوتنەکانی مێهردادی یەکەم (132-195پ.ز) لە ئەنجامی هەبونی ئەو سوپایە بو بەلاّم لە شەڕی ساکاکاندا****لە ساڵی( 130پ.ز) کێشەی سەرەکی ئەو سوپایە دەرکەوت و ماوەیەک دواتر لە سەردەمی مێهردادی دوەم هونەری جەنگی ئەشکانییەکان گۆڕانکاری بەسەردا هات (قانعی، 1389: 176).

سوپای دەوڵەتی ئەشکانی لە دو بەشی سەرەکی پێکدەهات، یەکەم: پاسەوانانی پاشا؛ ئەم دەستەیە کە لە ڕاستیدا لە ئاستی سوپای نەمرەکانی ئەخمینییەکان بو، ئەرکیان پاراستنی پاشا و هاوڕێیی کردنی بو لە گەشتەکاندا (دیاکونوف، 1394: 73)، کە بەسەر دو بەشی سەرەکیدا دابەشکراون، یەکەم سوارە قورسەکان، کە ئەسپ و سوارەکان بە زرێپۆش داپۆشراون، سوارەکانی دیکە کەوانداەرکان کە بەهێزی پشتیوانی و بە چەندین هەگبەی تیر بەردەوام تیریان بۆ دابیندەکردن، لەسەر بنەمای تاکتیکێک کە لەگەڵ زەوی تەخت و کۆمەڵێک لە تیرهاوێژەکان دەگونجێت، ئەرکیان تیربارانکردنی بەلێشاوی دوژمن بو، لە کاتێکدا ئەرکی سوارە قورسەکان لێدان و تێکشکاندنی سوپای دوژمن بو (دیاکونوف، 1394: 73)، دوەم: سوپای شالیارانی (شهریاران) خۆجێی: ئەم سوپایە بەگشتی لە وەرزێرانی دەرەبەگەکان بون (السلطنە،1371: 221). ئەشکانییەکان ژمارەیەکی دیاریان وەک سوپا لەو وەرزێرانە ڕادەگرت و لەهەر بنەماڵەیەکیان دەبو کوڕێکیان فێری تەکنیکەکانی شەڕکردن بوایە و یەکێکی تریشیان فێری کشتوکاڵ (ورستاندک، 1386: 93)، دەگوترێت ئەشکانییەکان ئەو شەڕکەرانەیان وەک منداڵی خۆیان دەپاراست و لە فێرکردنی تەکنیکەکانی ئەسپ سواری و تیروکەوان توشی زەحمەتێکی زۆر بون و لەبەرئەوەی کە وەرزێر و گوندنشین بون، بەلاّم بەردەوام ئەسپ سوارانێکی باشیان پێشکەشی پاشا دەکرد (ورستاندک، 1386: 224-222).

یەکێک لە پلە هەرە گرینگەکانی سەربازی لە حکومەتی ئەشکانیدا، ئەرگبود یان هەرگبود-ە (ارگبد) کە لەبنەڕەتدا مەبەست فەرماندەی قەلاّ (کۆشک)ە و دواتر وەک پێگەیەکی سەربازی گرینگ پێناسە دەکرا (دیاکونف، 1394: 74)، هەروەها هەندێک مێژونوس ئاماژە بەپۆستەکانی پارێزگار وژەنراڵ دەکات، بەلاّم

ئێمە لەبونی ئەو جۆرە پۆستانە لە سەردەمی ئەشکانیدا دڵنیا نین؛ بەڵام دەبینین پاشای ئەرمینیا نازناوی (ژەنەراڵی سوارە)ی داوە بە کەسێک، ئەوەش هەبونی نازناوی ژەنراڵ پشتڕاست دەکاتەوە (رجبی، 1385: 83)، ئەوەی لەسەر ڕێکخستنی سوپای ئەشکانییەکان دەیزانین بەم شێوەیەیە کە سۆرینا بە 10 هەزار سوارەکەی چوەتە شەڕی سوپای ڕومانی بە سەرکردایەتی کراسوس (کێرزوس) لە ساڵی (53 پ.ز) و لەو دو بابەتە دەتوانین ئەم ئەنجامانە بپێکین. یەکەم، فەرماندەیی باڵای سەربازی هەر ناوچەیەک لە ویلایەتێک بە خودی والی ئەو ناوچەیە بوە، دوەم هەر خانەدانێک فەرماندەی باڵای سوپای هۆزی خۆی بوە، بەم شێوەیە لانیکەم لەو هۆزانەی کە ئێمە بە سوپای ئاسایی ناومان ناوە (مەبەست سوپای وەرزێرەکانە)، پلەو پایەی بەڕێوەبردن و فەرماندەیی تاڕادەیەک دیاری کراون، سێیەم، بە لەبەرچاوگرتنی بنەماکانی سیستەمی بەڕێوەبردنی ئەشکانییەکان واتە هەمان سیستەمی دەرەبەگایەتی (ملوک الطوایفی)***** دەردەکەوێت کە هەرکاتێک سوپایەک بۆ شەڕ پێکهاتبێت کە سوپای شاڵیارە باڵاکان بەشداری تێدا کردبێت ئەوە خودی پاشای ئەشکانی فەرماندەیی سوپای دەگرتە دەست، ئەردەوانی پێنجەم فەرماندەیی سوپای ئەشکانی لە شەڕی لەگەڵ ئەردەشێر (224.ز) لە دەشتی هورمۆزگان خۆی واتە "شاهەنشای" ئەشکانی فەرماندەی سوپاکەی بوە (کمرون، 1381: 82).

بەگشتی سوپای ئەشکانی سوپایەکی ڕێکخراو هەمیشەیی نەبوە و لە کاتی شەڕدا لەلایەن خانەدانەکان بە چەکی قورس و سوکەوە پشتیوانی لە پاشا کراوە، هەروەها ئەشکانییەکان لەشەڕەکانیاندا سودیان لە حوشتر وەرگرتوە کە لە شەڕی ناسراوی (حەران53 پ.ز.)****** لەبەرانبەر سوپای ڕۆمانی ڕۆڵێکی گرینگیان هەبوە (باقر،2018: 98). ئەم دۆخە سەدان ساڵ لەڕوی سەربازییەوە لە ئێرانی سەردەمی ئەشکانی بەردەوام بو، کاتێک شەڕێک هەڵدەگیرسا پاشا ژێردەستەکانی خۆی ئاگادار دەکردەوە و ئەوانیش لەگەڵ هێزەکانیان بە دەنگی بەرز و ژاوەژاو لێدانی تەپڵ ڕوبەڕوی دوژمن دەبونەوە (باقر،2018: 407).

## تەوەری دوەم: سیستەمی کۆمەڵایەتی و ئابوری ئەشکانییەکان

### یەکەم: سیستەمی کۆمەڵایەتی

دەولەتی ئەشکانی هاوشێوەی هەرەمێک بو کە پاشا لە لوتکەی دەسەڵات دابو، لە خوارەوەی ئەو فەرمانڕەوای ویلایەتەکان و بەدوایدا کەسانی پلەبەرز و پاشان بازرگانە یۆنانییەکان و دواجار جوتیار و وەرزێرە خۆجێیەکان بون (بیات،1368: 267)، چینی خانەدانەکان، کە خاوەن زەوی بون، لە شارە گەورەکاندا دەژیان و هەروەها مافی زیاتریان هەبو لەسەر زەوییەکان و هەمیشە لە کاروباری بازرگانی سودیان وەردەگرت (سرافراز و فیروزمندی، 1373: 206).

بەپێی بۆچونی هەندێک مێژونوس پێکهاتەی کۆمەڵایەتی لای ئەشکانیەکان لە سێ گروپی گەورەی کۆمەڵایەتی پێکهاتبو، چینی سەرەوە "آزاتان" یان "اسوران" بون و ئەگەری ئەوە هەیە کە پاشماوەی (پەرنییە کۆچەرەکان) کە لە ڕۆژگاری ئەرشەکی یەکەمدا (ئەرشاکی یەکەم) (247-217 پ.ز) دەستیان بەسەر خاکی ئەشکانیدا گرتبو، لەو گروپەدا بوبێتن (گرانتوسکی، 1386: 169)، گروپی کۆمەڵایەتی دوەم لە کۆمەڵگەی ئەشکانیدا (گرێدراوەکان) واتە گرێدراوی دەوڵەت بون، مافی تەواویان نەبو بۆیە بەگشتی گرێدراوی دەوڵەت بون، پاشان نزمترین چینی کۆمەڵگا چینی "کۆیلە" بو (کلهورا، 1379: 282)، بەپێی خاڵەکانی سەرەوە چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی ئەشکانی بەم شێوەیە وەسف دەکرێن:

**أ. خانەدانەکان:**

دەســـەڵاتدارانی ســـەردەمی ئەشـــکانی بریتیبون لە حەوت خێزان کە ئەندامانی بنەماڵەی ئەشـــکانی یان (ئارشـــاقی) کە لە ســـەروی هەمویانەوە بون و لە ســـەرەوەی هەرەمی ســـیســـتەمی دەرەبەگایەتیدا بون، و لەدوای ئەوان شەش خێزانی دی هەبون و لەهەمان کاتیشدا سەرجەم جوتیارەکان و جەنگاوەرەکان سەر بەو خێزانانە بون (باقر و آخرون، 1980: 103)، سەرانی ئەشکانی هەر وەکو ئەخمینییەکان دابەشدەبون بەسەر حەوت بنەماڵەدا، کە کۆمەڵێک خێزانی ناوەڕاست و خوارویان تێدا بو(زرینکوب، 1374: 289)، ئەو ژمارە حەوتە جێگەی مشـتومرە، بەڵام ناو و ناوچەی ژێردەسـەڵات و چالاکی سـیاسـی چەند بنەماڵەیەکی گەورەی ئەو سەردەمە ڕون و ئاشکرایە، داتاشراوی بێستون، کە مێهردادی دوەم لەکاتی بەخشینی پشک (تیول) بۆ چوار لە گەورە خانەدانەکان نیشـــان دەدات و لەوێدا جلوبەرگی دەســـەڵاتدارانی ئەشـــکانییەکان تاڕادەیەکی زۆر گەورە و درێژ بوە و دەگەیشـــتە پشـــتی قاچیان و لە ژێرەوەی باڵاپۆشـــەکەیان؛ پانتۆڵیان لەبەردەکرد (اعتماد السلطنه،1371: 219).

بنەماڵەی ســـورێن (ســـورن) دەســـەڵات و مافی تاج لەســـەرنانی پاشـــاکانیان هەبو، تاڕادەیەکیش نوێنەری بنەماڵەیەکی ڕەســـەنیان دەکرد لە ســـەردەمی ئەشـــکانیدا (صـــفا، 1376: 278). بە ناوبانگترین کاری ئەو بنەماڵەیە شکستی (کیروزۆس) فەرماندەری سوپای ڕومانی لە ساڵی (53ی پ.ز) بو (ویسهوفر، 1388: 267). هەرچی بنەماڵەی کارێن (کارن)ە کە پێدەچێت شـــوێنیان لە نەهاوەند بوبێت، هەندێک جار دژایەتی پاشـــایان دەکرد (مازیران، 1380: 267)، بنەماڵەی (گیو)یش شـــوێنیان لە هیرکانیا بو، و بنەماڵەی (مێهران) لە ڕێی******* بون (بیانی، 1378: 156)، ئەو میرنشـــینە دەرەبەگانە کە لە خاکی خۆیان فەرمانڕەوا بون، کۆشـکەکانیان هاوشـێوەی کۆشـکی پاشـاکانی ئەشـکانی بو، هەروەها گەورەکان هێزێکی چەکداریان هەبو، بۆ نمونە ســـۆرێن (10000) ســـواری لە حەران هەبو، خزمەتکاریان بون و لەهەمان کاتیشـــدا ژێردەســـتیان بون (خدادایان، 1386: 109)، دەکرێت بگوترێت کە میرەکانی دیکەش هێزێکی لەو

جۆرەیان هەبوە و تەنها پاشـایەکی ئەشـکانی بەهێز و کاریگەر دەیتوانی فەرمانڕەوایی بکات بەسـەر ئەو خانەدانانەدا (کالج، 1388: 55-56).

بونی خەڵکێکی زۆری سـەر بە خانەدانەکان، کە زۆربەی کات بە ئەندامی سـوپای تایبەتی ئەوان دەژمێردران، ئاماژەیە بەوەی کە خانەدانەکان دەیانتوانی دژایەتی پاشـا بکەن و تەنانەت لە وڵات دوریبخەنەوە، ئەوان گروپێکی بچوک و یەکگرتو نەبون و بەهۆی ئەوەی زۆرجار ناڕازی بون یان بڕیارەکانیان هەڵدەوەشاندەوە، حکومەتیان لاواز کردبو (ولسکی، 1388: 129)، هەرچۆنێک بێت، دیارە لە سەدەی (1ی پ.ز)ئەو بنەماڵانە پێگە و پەیوەندییەکی بەهێزیان هەبو لەگەڵ پاشادا، بەم شێوەیە (گودەرز 81-91پ.ز) لە داتاشراوی کێوی بێستوندا خۆی بە پێوەری هەرە دیاری (پاشای پاشایان) یان ساتراپی ساتراپان ناوەزد کردوە (شـیپمان، 1386: 156). هەر ویلایەتێک یەک یان چەند هەرێمێکی لەخۆدەگرت، وەرزێڕانی گەورە، ئەگەرچی دەبەسترانەوە بە هەرێمی ویلایەتەکان، لە شوێنی دیکەش زەوییان هەبو بۆ نمونە سورێن لە سیستان دەسەڵاتی بەدەستەوە بو، بەڵام لە دوئاوانیش زەویان هەبو (رحمانی، 1392: 278)، خانەدانەکان و پلەبەرزەکان بەسـەر ویلایەتەکاندا حکومیان دەکرد و ئەوانەی پلە یان نزمتر بو دەبون بە فەرماندەری سوپا (رمضانی، 1373: 298).

لەگەڵ فراوانبونی هێز و دەسەڵاتی ئەشکانییەکان و پێکهێنانی دەسەڵات ڕۆڵی خانەدانەکان و گەورەکانی ئەشکانی لە هەڵبژاردنی جێگرەوە بۆ پاشا بەرچاوتر بوە و ئەوان مافی ئەوەیان هەبو کە پاشای هەڵبژێردراو پەسەند بکەن (محیی، 1381: 287)، ئەوان لەو مافەیان زۆرترین دەسەڵاتیان هەبو و بەپێی هەڵسەنگاندنی خۆیان جێگری پاشایان هەڵدەبژارد یان لایاندەبرن و هەر ئەو دەسەڵاتە بوە هۆی وێرانکاری و پشێوی لە بنەماڵەی پاشایەتی ئەشکانیدا (بروسیوس،1387: 162). بەگشتی چینی پلەبەرز، کە سەرەتا بنەمای دەسەڵاتی پاشاکانی ئەشکانییەکانیان پێکهێنابو، لە ماوەیەکی درێژدا بونە هۆی لەناوچونی ئەم دەوڵەتە (گیرشمن، 1380: 259).

## ب- موغەکان یان پیاوانی ئایینی

موغەکان لە قۆناغی فەرمانڕەوایی ئەشکانیدا کاریگەری سیاسی زۆریان هەبوە و لە زۆربەی بنەما و بۆنە و نەریتە تایبەتەکان پەیڕەوی موغەکانیان دەکرد بە جۆرێک کە ئاگریان بە پیرۆز دەزانی و ڕێزێکی تایبەتیان هەبو بۆ ڕوبارەکان (موری، 1380: 259)، موغەکان پۆستی دادوەریی و پلە و پایەی بەڕێوەبردنیان هەبو، لە هەمان کاتدا بە ڕاوێژکاری ڕەوشتی و پێشبینیکردنی ڕوداوەکان و حوکمەکانی پاککردنەوەدا خۆیان سەرقاڵ دەکرد (میرسعیدی،1387: 112-113)، لەم ماوەیەدا موغەکان و پیاوانی ئایینی سەرکردەی وڵات بون (ورستاندیک، 1386: 46).

کاریگەری موغەکان سەرەتا گەیشتە ئەو ئاستەی کە سەرپەرشتی کاروباری دەسەڵاتیان دەکرد، بەڵام دواتر بەهۆی ئەوەی پاشاکانی ئەشکانی لە تێوەگلانیان لە کاروباری حکومەتدا ناڕازی بون، بەرەبەرە کاریگەریەکەیان کەمتر دەبو، بە گشتی موغەکان بەشێوەی ڕاستەوخۆ لە گرینگیان کەمکرایەوە (باوازانی، 1359: 299)، پیشەی موغەکان تایبەت بە پرسە ئایینییەکان نەبو، بەڵکو زۆربەیان پزیشک و مامۆستا و ئەستێرەناس و کیمیاگەر و ساڵزان بون (پیرنیا، 1386: 199)، لە سەردەمی ئەشکانییەکاندا موغەکان بە پلەی جیاواز دابەشکرابون؛ ئەو موغانەی کە لە پلەی یەکەمدا بون، لە ئاژەڵ کوشتن و خواردنیان خۆیان دەپاراست، هەروەها ژمارەیەک لە موغەکان هەبون کە پێیانوابو هاوسەرگیری قەدەغەیە (زرین کوب، 1374: 268).

## ج - بازرگانەکان:

چینێکی دیکە کە لەسەردەمی ئەشکانیدا ئاماژەی پێکراوە بازرگانەکان بون، لە ڕێگەی پاشماوە شوێنەوارییەکان دەتواندرێ هەندێک زانیاریمان لەسەر ئەو کەلوپەلانە پێبدەن کە بازرگانی پێوەدەکرا، بازرگانەکان لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵات کەلوپەلی گرانبەهای وەک (ئاوریشم و عاج و بەهارات و بۆنەکان و بەردی گرانبەها)یان هاوردە دەکرد، کە کالایەکی بەناوبانگبون لە ئەوروپا و لە جیاتی ئەوە کەلوپەلی برۆنزی و کریستاڵی و کەلوپەلی هونەری و شەراب و زەیت و بەتایبەت ئاڵتونیان لە ڕۆژئاواوە هاوردە دەکرد و لەوێشەوە بۆ ڕۆژهەڵات هەناردە دەکران؛ بە گشتی لە بازرگانی جیهانیدا ئێران پردێک بو لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا، بازرگانەکانی ئەشکانیش "ئاسن"، کۆخ و ترێیان لە چینەوە هاوردە کردوە و لە بەرانبەریشدا" میوەی ئەشکانی" واتە هەنار؛ دەنێردرا بۆ چین (گیرشمن، 1380: 269)، بە ناوبانگی "ئەسپی نەسایی" (نسا، هەرێمێک لە ڕۆژهەڵات سەر بە هەرێمی خۆراسان) لە ساڵی (101پ.ز) لە ڕێگەی فەرغانە دەبرانە چین و لەوێ ناوی "ئەسپی ئاسمانی"یان پێ بەخشیبون (شیمپان، 1386: 103)، هەروەها ئەو کەلوپەلە هەناردانەی کە لە سەردەمی ئەشکانییەکاندا لەلایەن بازرگانانی ئێرانەوە هەناردە دەکران، تابلۆ و بەردە نەخشێنراوەکان، فەرش و قاڵی و هەروەها لە ڕێگەکان بۆ پاراستنی کاروانە بازرگانییەکان، هێزە چەکدارەکان بەکارهێنراون (کالج، 1388: 253).

## د. جوتیارە ئازادەکان

ئەم جوتیارانە لە کۆمەڵگەی لادێیی کاریان دەکرد، هەرچەندە ئەندامانی کۆمەڵگەی لادێیی لە گواستنەوە و ئاڵوگۆڕکردن ئازادبون بەڵام دەبوایە لەسەر زەویی خۆیان کشتوکاڵ بکەن و کشتوکاڵی زەویش ئەرکی سەرشانیان بو، ئەگەر لە بەرانبەر دەوڵەتدا ئەندامێکی کۆمەڵگەی لادێیی لە کشتوکاڵ لەنێو زەوی خۆیان سەرپێچی کردبا و باجیان نەدابا؛ دەوڵەت سزای نەختینەیی زۆری لێ دەستاند کە حەوت

ئەوەندی فرۆشــتنی زەوی ئاماژە پێكراو بو نیوەی ئەم ســزایە دەبێت بدرێتە خەزێنەی پاشــا و نیوەكەی دیش بدرێت بە سندوقی كۆمەڵگەی لادێیی (میرسعیدی، 1387: 99-100)، لەم ڕووەوە پسپۆڕێكی بواری مێژویی ئاماژە بۆ ئەوە دەكات كە گۆڕانكارییەكی قوڵ لە بواری كشــتوكاڵدا ڕویدا؛ ســامانداره گەورەكانی ڕۆمانی زەوییە ڕوتەنەكانیان بە نرخێكی كەم كڕی و كردیان بە زەوییەكی كشـــتوكاڵی گەورە و لە ئێران وردە وردە خاوەن زەوییە بچوكەكان لەناوچون و لەگەڵ دەرەبەگە گەورەكان جێگۆڕكێیان پێكرا، لەڕاستیدا گروپی جوتیاران سەربەخۆیی خۆیان لەدەستدا و زیاتر كەوتنە ژێر گوشاری خاوەن زەوییە گەورەكان و ئەوان بە فەرمی ئازاد بون، بەڵام ئازادیان ڕێژەیی بو(گیرشمن، 1380: 277-278).

## هـ . كۆیلەكان:

ئەو دەســتەواژە باوەی كە لە ئێرانی ســەردەمی ئەشـكانی بۆ كۆیلەكان هەبو، "بەندە"(bandak) بو (ویدن گرن، 1378: 258)، كۆیلەكان لە كاروباری ماڵەوە و كشـتوكاڵ و كانزاكانی پاشـاكان و كاروباری ناوخۆی پەرســـتگەكان ســـودیان لێوەردەگیرا و زۆربەی كات ئەم كۆیلانە ئازادییەكی ڕێژەییان هەبو و ئەوەش بەو مانایە بو كە كۆیلەكان لەبری ئەو ئازادییە دەیاتنوانی لە بەهرەی كار و زەحمەتی خۆیان سود وەربگرن و ئەگەر كۆیلە لە بواری كشـــتوكاڵدا كاریان كردبایە ئەوە بەشـــێك لە بەرهەمی ئەو زەوییە كە دەیچاند دەدرا بە ئەو و دەیانتوانی ئەو مافەی خۆیان بگوازنەوە بۆ نەوەكانیان (یارشاطر، 1387: 308).

دەكرا كۆیلەكـان وەك دیـاری بە كەســـێك بـدەن و هـەروەهـا وەكو بـارمتە یـان لەجێگەی قەرز وەریانگرن و هەروەها دەكرا لە بەرانبەر وەرگرتنی موچەی وەرزانە بدرێت بە كەسێك (دیاكونف، 1394: 98)، ئەو كۆیلانەی  لە زەوی تاكەكەسیدا كاریان دەكرد، بەشێك لە دارایی ئەو موڵكەیان پێكدەهێنا و بەو هۆیەوە خاوەن زەوییەكان، زەوییەكانیان لەگەڵ كۆیلە نیشـــتەجێیەكان دەفرۆشـــت؛ بەگشـــتی ئەم گروپە نزمترین چینی كۆمەڵگەی ئەشـــكانییەكانیانان پێكدەهێنا (گرانتوســـكی، 1386: 169)، ڕێژەی كۆیلەكانی وەڵات هەر لە ڕێگەی زاوزێ زیادی نەدەكرد بەڵكو بەدیلگیراوانی شەڕیش هەر دەبون بە كۆیلە و هەروەها یەكێك لە ڕێگەكانی دیكەی بەدەستهێنانی كۆیلە وەرگرتنیان لەجیاتی قەرز بو (دیاكونوف، 1394: 169).

## ب: سیستەمی ئابوری

زانیاری تەواو سەبارەت بە پێكهاتەی ئابوری و دارایی ئەشكانییەكان وەك پێویست بۆ پێنج سەدەی سەردەمی دەسەڵاتداریێتی ئەشكانییەكان لە بەردەستدا نییە، مێژونوسان بە كورتی لەو بارەیەوە ڕایان دەربڕیوە؛ بەڵام ئەو شوێنەوار و دراو و بەڵگانەی كە لەئەنجامی كنە و پشكنینەكانی ناوچە جیاوازەكانی ئێران دەركەوتون توانیویانە بەشێك لە بارودۆخی دارایی و تایبەتمەندی ڕێكخراوە ئابورییەكانی ئەو

سەردەمە ئاشکرا بکەن (بیانی، 1378: 10)، بەگشتی هیچ ئاماژەیەکی ئەوتۆ بە دراو نەکراوە و میرداتیس وەکو سلوکییەکان دراوی لە برۆنز دروستکردوە (الصالحی،1979:26).

ئابوری و داهاتی ئەشکانییەکان لەسەر بنەمای کشتوکاڵ و بازرگانی بوە و پیشەسازی گرینگییەکی کەمی هەبوە (کالج، 1388: 81)، دەوڵەتی ئەشکانی بە تایبەتی لە ئێران و عێراقی کۆن وەکو ناوەندێکی گرینگی بازرگانی و کشتوکاڵ دەبیندرا، بە تایبەت بۆ بازرگانی لەگەڵ هیند و چین و ناوەڕاستی ئاسیا جەختیان لەسەر کردوەتەوە، هۆکارەکەشی ئەوەیە کەلوپەلی گرینگ وەکو ئاورێشم، بەهارات، عاج و عەتر بازرگان پێوەدەکرا (باقر و آخرون، 1980: 106)، زەوی لە ئێرانی سەردەمی ئەشکانیدا بەسەر دو دەستەی سەرەکیدا دابەشکرا، زەوییەکانی پاشا و ئەو زەوییانەی کە دارایی پاشا نین، ئەو زەویانە بریتیبون لە زەویی تایبەتی کۆشک، بەشێک لە زەوییەکانی سەر بە پەرستگاکان، زەوییەکانی تایبەت بە دابینکردنی مەراسیمی ئایینی کۆچی دوای پاشاکانی ئەشکانی و زەوییەکانی کۆمەڵگای لادێ کە لەڕاستیدا لەو شوێنەوە داهاتێکی زۆر ڕەوانەی خەزێنەی پاشا دەکرا (میرسعیدی، 1387: 99).

پاشاکانی ئەشکانی پشتیوانیان لە گەشەی بازرگانی دەکرد، بەهۆی ئەوەی کە گومرکی بازرگانی یەکێک بولە گرینگترین سەرچاوەکانی داهات بۆ خەزێنەی پاشا (بیانی، 1378: 10)، ئێرانی سەردەمی ئەشکانییەکان ڕۆڵێکی مام ناوەندی لە بازرگانی نێودەوڵەتی لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا دەگێڕا (کالج، 1388: 98) و لە ڕوی هەڵکەوتەی جوگرافی خۆیدا لە نێوان چین و هیندستان لە لایەک و وەڵاتە ڕۆژئاواییەکان لە لایەکی دیکەوە بازرگانییەکی باشی ئەنجامداوە (میرسعیدی،1387: 11).

کاتێک باس لە بازرگانی نیودەوڵەتی لە سەردەمی کۆندا دەکرێت "ڕێگای ئاوریشم" بە یەکێک لە گرینگترین ڕێگەکانی ئەو سەردەمە دادەنرێت، بەڵام تاکە ڕێگەنەبوە لە نێوان دەریای ناوەڕاست و ئاسیای ناوەڕاست و چیندا، بەڵکو چەندین ڕێگەی دیکە لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا هەبوە کە تەنانەت پێشتر لە دەوڵەتی ئەشکانیشدا هەبو؛ بۆ نمونە ڕێگەی پاشایەتی ئەخمینییەکان کە لە شاری ساردیس لە ئاسیای بچوک تا شوش درێژبۆتەوە؛ لەگەڵ ئەم ڕێگەیانەدا بازرگانی دەریایش لەو سەردەمەدا گرینگ بو بەتایبەتی لە ڕێگای (التوابل)، کەشتییەکانی ئەشکانی لە بەندەرەکانی کەنداوی عەرەبی، کەنارەکانی یەمەن و بەندەرەکانی هیندی ڕۆژئاوا لەنگەریان دەگرت؛ لێرەوە بازرگانییان لەگەڵ وڵاتی چین دەکرد و کەلوپەلی کەنداویان لە نمونەی بوخور و بۆنی خۆش دەفرۆشتە چینی و هیندییەکان (شوشتری و محمدی،1321: 156)، ئەو ڕێگەیانە ڕۆڵێکی سەرەکیان لە بازرگانی سەردەمی ئەشکانییەکاندا هەبوە و پاشاکان گرینگی زۆریان پێدەدا بەتایبەتی بازرگانی (ترانزێت) و سیستەمی (نامە بردن: البرید) کە بە سیستەمێکی بایەخدار ئەژمار دەکرا (خاراکسی، 1390: 37).

ئەم بازرگانییە بەشێوەیەکی سەرەکی وەک بازرگانییەکی نێوەندگیرانە بەڕێوەدەچو کە ئەشکانییەکان بە دەگمەن وەک بازرگان دەردەکەوتن (دیاکونوف، 1390: 140)، بەڵام لەم جۆرە بازرگانییەوە داهاتێکی زۆریان لەڕێگەی گومرکەوە دەستەبەردەکرد و هەروەها لە ڕێگەی باجە جۆراوجۆرەکانەوە لەسەر کەلوپەلەکان بازرگانییان دەکرد (دیاکونف،1394: 135).

سیستەمی باجی حکومەتی ئەشکانی نارێک بو؛ بەڵام یاسایەکی گشتی سەبارەت بە باجی ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی ئەشکانییەکان هەبوە و لەسەر کۆکردنەوەیان بە توندی هەڵسوکەوتیان دەکرد (گیرشمن، 1380: 234)، جۆرێک لە باجی زەوی هەبو کە بە " اوزبری" ناسراوە، کە باجەکەی کەلوپەل بو و بەدەگمەن بەشێوەی پارە وەردەگیرا و ڕاستەوخۆ بە خەزێنەی پاشا دەدرا (ولسکی،1388: 1756)، باجی زەوییەکانی دیکە بە "پتبریک" ناودەبرا و بریتیبو لە شتی وەک میوە و شەراب و هتد بۆ کۆشکی پاشا ڕەوانە دەکرا و جێگەی ئاماژەیە کە ئەم دو جۆرە باجە لە زەوییەکانی پاشا وەردەگیرا (میرسعیدی، 1387: 105-106)، هەروەرها باجی سەر (ضريبة الراس) هەبو کە بریتیبو لە باجی تاکەکەسی (فرعون و العلان، 2011: 126)

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بە هۆی لێکچونی بارودۆخی سیاسی شارەکانی دەوڵەتی ئەشکانی لەگەڵ سلوکییەکان، سیاسەتی ئابوری و باج وەرگرتنی ئەشکانییەکانیش هەر بەو شێوەیە بوە (دیاکونوف، 1394: 71-72)، جگە لە باج و بازرگانی، کشتوکاڵیش یەکێک لە بنەماکانی ئابوری ئەشکانییەکان بو و زۆربەی دانیشتوانی وڵات داهاتەکەیان لە کشتوکاڵەوە دەستەبەر دەکرد و دانەوێڵە و گەنم و میوەیان بەرهەم دەهێنا (کالج، 1388: 92)، لەو سەردەمەدا بەهۆی زاڵبونی دەرەبەگەکان و دەستگرتنیان بەسەر زەوییە بچوکەکانی جوتیارەکاندا بو بەهۆی لەناوچونی ئەو چینە و لەبەرانبەردا ناچاربون وەک کرێکار لەسەر زەوییەکان کار بکەن و ئەنجامەکەشی لەدەستدانی ئازادییەکەیان بو و مەودایەکی زۆر لەنێوان چینەکانی کۆمەڵگە لەوی ئابورییەوە ڕویدا کە تا ئەو سەردەمە ئێرانی کۆن وەها جیاوازییەکی بەخۆیەوە نەبینیوە (گیرشمن 1380: 278).

## تەوەری سێیەم: سیستەمی ئایینی و داوەری لە دەوڵەتی ئەشکانیدا

### أ: سیستەمی ئایینی

ئەگەر سەرنج بدەینە دەقە کۆنەکان دەکرێت بزانین کە لە ئایینە کۆنەکاندا دیاردەی سروشتییان دەپەرست و لە نێوان ئایینی کۆنی ئێرانییەکان و هیندییەکان پەیوەندییەکی هزری دەبینرێت، کە ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر کۆچکردنی ئەو نەتەوانە (شایان، 1351: 255)، هەندێک خواوەندیش دەرکەوتن کە نوێنەری مانای ناوی خۆیانن، وەکو "میترا و ئەناهیتا" یانی"بەڵێن و پەیمان" (کالج، 1388: 87)، بەو پێیەی کە حکومەت لە ئێران "ملوک الطوايفى" بوە، لە ئایینیشدا لەم سەردەمەدا وەک تێکەڵاوییەکی ئایینی سەیر

دەكرێت (شایان، 1351: 256)، بە وتەی هەندێک مێژونوس "ئەشكانییەكان" كاتێک كە لەگەڵ "سەكاییەكان" پەیوەندیان هەبوە چەند دیاردەیەكیان لە نمونەی هەتاو، مانگ و ئەستێرەكانیان دەپەرست و لە دواییدا كە لەگەڵ "ماد" و "فارسەكان" هاوسەردەم بون، ئاهورامەزدایان دەپەرست و بەهۆی ئەوەی كە لە ئێران پەرستنی "مێهر و ناهید" پەرەی پێدرابو، پەرستنی ئەوانەش تێكەڵ بە بیروباوەڕی ئەشكانییەكان بو، لە دوای هاتنی ئەسكەندەر بۆ ئێران پەرەسەندنی ئایین و شارستانییەتی یۆنانییەكان، پەرستنی خودای دیاردە جۆراوجۆرەكانیش، تێكەڵ بە ئایینی ئەشكانییەكان بو، لەبەر ئەوەیە كە دەتوانین بڵێن ئایینی ئەوان وەكو سیاسەتەكەیان تێكەڵەیەک بوە و ئایینی هۆرمزد پەرەستی لەلایەن ئەوانەوە هەر وەک خۆی نەماوە و لەگەڵ بیرو باوەڕەكانی دیكە تێكەڵ ببو (پیرنیا، 1386: 173).

پاشاكانی ئەشكانی پلەیەكی خودایییان بۆ"ئەرشاقی یەكەم248-250پ.ز" بەكاردەهێنا و نازناوی "ئێپی فانس" كە وشەیەكی یۆنانییە و لەسەر دراوی پاشا ئەشكانییەكان هەڵكەندراوە، ئەوەمان زیاتر بۆ ڕون دەكاتەوە (پیرنیا، 1386: 174)، ئەشكانییەكان باوباپیرانی خۆیان دەپەرست و پارێزگارییەكی زۆریان لە ڕوخسارەكانیان دەكرد لەنێو ماڵەكانیان، ئەوان بە بەراورد لەگەڵ ئایینی ماد و فارسەكان، پیاوانی ئایینی زەردەشتی هەر مۆغانەكان بون ومۆغەكان ڕێوڕەسمی ئایینییان بەڕێوەدەبرد و كاریگەری ئەوان لە سەرەتادا تا ئەو شوێنە بو كە مۆغستان*******چاوەدێری كاروباری دەوڵەتیان دەكرد (پیرنیا، 1386: 175-176).

ئەشكانییەكان بە چاوێكی كەمتر سەیری دین و ئایینەكانی تریان دەكرد و ئایینە بیانییەكانیشیان بە گۆڕانكارییەوە قبوڵ دەكرد (اعتمادالسلطنه، 1371: 166)، تەنانەت جولەكەكانیش، ئەشكانییەكانیان وەكو ئەخمینییەكان بەچاوی پارێزەری ڕاستیی ئایینی خویان سەیر دەكرد (راوندی، 1354: 301)، بەڵام هەندێک لە بەڵگەكان پێمان دەڵێن كە لەو سەردەمەدا ئایینی زەردەشتی هەبوە و "ئەرشاقی یەكەم"، پاشای ئەشكانییەكان كە پاشایەتی لە "ئاساک" ڕاگەیاند، لەوێ پارێزگاری لە ئاگریكی نەمر دەكرد و مەبەست لەو ئاگرە، بێگومان نیشانەیەكە لە بونی ئایینی زەردەشتی لە سەردەمی ئەشكانییەكاندا و بەڵام لە سەردەمی ئەواندا ئایینێک بەشێوەی فەرمی بونی نەبوە (نیبرگ، 1383: 288)، لەگەڵ ئەوەی سیاسەتی ئایینی ئەشكانییەكان سیاسەتێكی نەرم بوە بەڵام هەندێک لێكۆڵینەوە دەریانخستوە كە وا ئایینی زەردەشتی فارسە كۆنەكان لە ناو ئەشكانییەكاندا بڵاو بوەوە و پەرەستنی خواوەندە كۆنەكان وەكو "میترا، ئەناهیتا، ئاهورامەزدا" بڵاوبوەوە و چەندین پەرستگەیان بۆ دروستكرد (باقر و آخرون،1980: 105).

میترا یەكێک لەو خواوەندانەیە كە لە سەردەمی ئەشكانییەكاندا دەیانپەرست و بەڵگەكان پێمان نیشاندەدەن كە بەردەنوسێكی "ئەردەشێر پاشا180-242.ز" هاتوە دەڵێت: "بەبۆنەی خۆشەویستی

ئاهورامەزدا من ئەو کۆشکەم دروست کردوە و ئاهورامەزدا و میترا من لە هەرشتێک لە خراپە بپارێزێت و هەرشـــتێک کە دەیکەم بپارێزن" (پیرنیا، 1386: 1911)، ئاناهیتا خواوەندی ئاو و باران و فراوانی و بەپیتی و بەخشندەیی و هاوسەرگیری و خۆشەویستی و دایکایەتی و زاوزێ و سەرکەوتنە؛ ئەو خواوەندە کە لوتکەی بەرزی ژنێکی ئێرانییە هەر لە سەردەمی کۆنەوە ستایش کراوە (صفا، 1376: 290)، ناوی لە ئاڤێستادا بە "اردو یسور آناهیتا" هاتوە کە "اردو" واتە گەشە و زیادبون؛ و سور بە مانای بەهێز و ڕەگی زمانی ئەرمەنی و پەهلەوییە، ئەناهیت واتە پاک و بێگەرد و ئەمە سیفەتی ڕوبار و ئاوەکانە کە پاکن و زۆر بەهێزن (مازیران، 1380: 195).

ئاناهیتا لە ســـەردەمی ســـلوکی و ئەشـــکانییەکاندا گرینگی زۆری پێدەدرا، لە شـــوینە جیاوازەکانی ئێراندا لە ســـەردەمی ئەشـــکانییەکاندا، پەرســـتگەیان بۆ پەرســـتنی ئەو خواوەندە دروســـتکردبو و لە مێژودا هاتوە کە ئەو خواوەندە پەرســـتگەیەکی ناوداری لە "هەمەدان" هەبوە کە "ئانتیخوســـی ســـێیەم" (241-178 پ.ز) تالانی کرد و لە "کەنگاوەر"یش هەر پەرەستگەی هەبوە و لە شاری "ئەستەخر"یش پەرستگەی هەبوە و پەرســـــتنەکەی پەیوەنـــدییەکی نەپچراوی لەگەڵ ئـــاگردا هەبوە (دیـــاکونوف، 118:1394). نـــاوەنـــدە ســـــەرەکییەکانی دیکەی پەرســـــتنی ئەم خواوەندە، شـــــیز لە تەختی ســـــولەیمان، دەتوانین ناو بەرین و لە "ســـوســـە"ش پەرســـتگەی ئەو خواوەندە بەدەســـتی "ئانتیخوســـی چوارەم" (215-164 پ.ز) تالان کراوە (زرین کوب، 1374: 387).

دیارە جگە لەم بیروباوەڕانەش کە ناوخۆیی بون و لەناو دەوڵەتەکەدا پەرستش و ڕێوڕەسمیان بۆ ئەنجامدراوە، چەندین بیروباوەڕی دیکەش هەبون کە هی خۆیان نەبون و لە ئەنجامی هەلمەتە سەربازی و پەیوەندیەکانیاندا هاتبونە نێو وڵاتەکە لەوانە:

**1. بودایی هیندیی**

لەسەردەمی ئەشکانیدا، ئاییني زەردەشتی ڕکابەری سەرەکی لەگەڵ ئاییني بودایی هەبو کە هەتاوە کو نـــاوچەکـــانی ڕۆژهەڵاتی ئێران وەک بوخـــارا و بەلخ بڵاو ببوەوە (ویـــدن، 1378: 158) بـــەڵام ڕۆڵێکی ئەوتۆیان نەبو بەبەراورد لەگەڵ جولەکە و مەســـــیحییەکان و خۆیان لە کاروباری دەوڵەت هەڵنەدەقورتاند (العلان،2011: 126). لە بەلخ یان ڕۆژهەڵات کە دواتر تا ســـەردەمی ئیســـلامی پەرستگەی "نوبەهار"ی لێ مـــایەوە، ئـــاییني بودا فراوان بو و شـــــوێنکەوتەی هەبو، دیارە ئەوان هەر لە نـــاوەڕاســـــتی ســـــەردەمی ئەشکانییەوە دزەیان کردبوە وڵاتی ئێرانەوە (زرین کوب، 1374: 189).

**2. جولەکە**

ئایینی جولەكە یەكێكە لە ئایینە یەكتاییە هەرە گرینگەكان، پەیدابونی ئەم ئایینە دەگەڕێتەوە بۆ پێش زایین، و ئایینی موســـــای پەیامهێنە و كتێبەكەیان "تەورات"ە و كتێبی تریشـــــیان هەیە كە بە "تلمود" یان "تلموز" ناودەبرێت و بریتییە لە لێكدانەوەی تەورات (كرتیس، 1389: 201).

ئەوەی كە ڕونە ئەوەیە كە تا ســــەدەی (١ پ.ز) ئەوانەی كە پەیڕەوی ئەو ئایینە بون، باوەڕێكی تەواویان هەبو بە چاوپۆشـــی ئەشـــكانیان لە ئایینەكاندا و بە تایبەت لە ڕوی پەیوەندییان لەگەڵ ئایینی جو (باقری، 1385: 148)، ڕونە جوەكان ئەوانیان بە پارێزەرانی ڕاســـتیی ئایینی خۆیان دەزانی و ســـەرەڕای ئەو ســـتەم و زۆرییەی كە لە ســـەردەمی ســـلوكییەكاندا بەوان كرابو، باوەڕیان بەوە هەبو كە ئێرانییەكان هەموكات ڕێزیان دەگرن و تەنیا دەسەڵاتێك كە دەتوانێ ئەوان لە هێرشی بیانییەكان بپارێزێ، ئێرانییەكانن، هەروەها لە سەردەمی ئەشكانییەكاندا ئایینی جو لە بابل پەرەیسەند (گیرشمن، 1380: 278)، جولەكەكان لەو كاتەدا پێیان وابو ئەشـــكانییەكان پارێزەری ســـەرەكی بون لە بەرامبەر زۆرداری ڕۆمانەكان، هەر لەو كاتەشدا ئەشكانییەكان پەیوەندییەكی باشیان لەگەڵ هەبون و ئازادییەكی زۆریان هەبوە و لە ساڵی 30پ.ز توانیان دەوڵەتێكی بچوك لەسەر فورات دروست بكەن (العلان، 2011: 133).

بەگشـــتی ئەشـــكانییەكان بە ئاســـانكاریی ئایینی بە ناوبانگ بون و وازیان لەو هەرێمانە دەهێنا كە شـــــوێنكەوتوی وڵاتەكەیان بون تاوەكو لەســـــەر ئایینی خۆیان بمێننیەوە و ڕێگەیان بە دروســـــتكردنی پەرستگەكانیشیان دەدا بۆ نمونە لە عێراقی كۆنی ژێر دەستیاندا چەند خواوەندێكی ناوخۆیی دەپەرستران، و چەندین پەرســـــتگە لە شـــــارە دێرینەكانی وەكو (وركاء) و (نفر) و (كیش) و چەندین شـــــوێنی دیكە دروستكران (باقر و آخرون، 1980: 105).

### 3. ئایینە بێگانەكانی دیكە

لە كاتی هاتنە ســـــەركاری ئەشـــــكانییەكان لە ئێران، ڕۆحێكی هێلینیســـــتی لە ئێران هەبوە و خاكی نیشـــتەجێبوانی یۆنانی لە چوارچێوەی دنیای هێلینیســـتیدا بو، ســـرودەكانی ســـتایشـــی "ئاپۆلۆ" لە "شـــوش " لەســــەر بەردە دروســـــتكراوەكان و ڕۆڵی خواوەندەكانی یۆنانی وەك زێۆس و "هەركول" و هتد، لەســــەر دراوەكانی ئەشكانی دەبینرێت. بێگومان ئەو ڕێزە بۆ خواوەندەكانی یۆنانی لەلایەن ئەشكانییەكانەوە دەبێت لەبەر ڕەچاوكردنی هۆكارە سیاسییەكان بێت، گەرچی لەو نێوانەدا خوداوەندەكانی ڕۆژهەڵات هەبون و بە گەیشـــــتنی هێلینیزم بۆ ڕۆژهەڵات، ئایینەكانی ڕۆژهەڵاتی لەگەڵ یۆنانییەكان تێكەڵ بون و لەو كاتەوەش خواوەندەكانی ســـــامی و ئێرانی و یۆنانی هەمویان یەكســــــان بون ، لەوانە ئاهورامەزدا لە ڕیزی زیۆس و بەعل، ئەناهیتا لە ڕیزی ئارتمیس و عشـتار، میترا لەگەڵ شـمس، وەرسـغنە لەگەڵ خواوەندەكانی سـامی و هەركول هاوڕیز و یەكسان بون (یارشاطر، 1387: 152).

لەناو ئەو ئایینە زۆرانەی کە لەسـەردەمی ئەشکانیدا هەبون، کە لە نەتەوە جیاوازەکان پێکهاتون، پەرستنی خواوەندی خۆر بە ناوە جیاوازەکانەوە هەبوە؛ جار هەیە بە ناوە سـامییەکانی "ئال،ئارتسـو" و "ئەفلاد" بانگیان دەکرد، جار هەیە بە ناوی یۆنانی وەک "زیۆس" بانگدەکرا کە بەشـێوەی ئاهورامەزدا و میترا ناوی دەهات (کرتیس، 1389: 135)، ئەگەرچی پێویسـتە تێبینی بکرێت کە لە مێشـکی یۆنانیەکانی نیشـتەجێی وڵاتی ئەشـکانییەکاندا چەمکی میترایی ئەشـکانی و ئەپۆلۆن تێکەڵ بەیەکدی ببون، خواوەندی گەورە و دایکی پاکیزەکان و خواوەندی بەپیتی خاکی پەیوەسـت بە ئاو- ئاو کە ڕۆژهەڵاتییەکان بە باشـی لێی تێیگەیشـتبون و بەرهەمی زەوییەکەیان پەیوەندی بە ئەوەوە هەبو- هاوتەریب لەگەڵ خواوەندی هەتاو ڕێزیان لێگیراوە، ئەم خوداوەندە لەناو ئێرانییەکاندا بە ئاناهیتا ناودەبرێت و یۆنانییەکانیش لەگەڵ ئارتمیسی خۆیان بەیەک خواوەندیان دەزانی (دیاکونوف، 1394: 118).

### ب: سیستەمی دادوەری

زانیارییەکان سـەبارەت بە دادوەری و سـیسـتەمی بەڕێوەبردنی هەر وەک زۆر بەشـی دیکە ئەو سـەردەمە زۆر نییە، لەو لێکۆڵینەوانەی کە نوسـەرانی بیانی لەسـەر دەوڵەتی ئەشـکانی ئەنجامیان داوە، دەردەکەوێت کە هەندێک جار پاشاکان (واتە پاشا خۆجێیەکان و پاشای ناوەندی دەسەڵات) خۆیان بەسەر سکاڵا و تاوانەکاندا ڕادەگەیشتن و لەڕاستیدا وەک سەردەمی ئەخمینییەکان بەرزترین دەسەڵاتی دادوەری بۆخۆیان بون و مافی ئەوەیان هەبو مامەڵە لەگەڵ کاروباری خەڵکدا بکەن و دادگاییان بکەن، هەروەها والیەکانیش لە ناوچەی ژێردەسـەڵاتی خۆیان دەیانتوانی بە کاروباری یاسایی و دادوەری خەڵک ڕابگەن و کاری دادوەری ئەنجام بدەن (بهنام، 1388: 182)، پاشـای ئەشـکانی سـەرۆکی کەسـایەتییە ئایینی و سـەرۆکی دادوەرەکانیش بو (اشـرف، 1369: 87-88) و بەرزترین دەسـەڵاتی دادوەری بوە، ئەمەش دەریدەخات کە چەندین دادوەری جیاواز هەبون کە پاشا سـەرۆکیان بوە (گیرشـمن، 1380: 312)، بەڵام سـەرەڕای ئەوە ناتوانین بڵێین کە ئایا ناوەندێکی باڵادەسـت بۆ والییەکانی دیکە بونی هەبوە یان نا و ئایا خەڵکانی ناوچەکانی دیکە دەیانتوانی سکاڵای خۆیان لە ڕێگەی ناوەندێکەوە پێشەکەشی پاشا بکەن یان نا؟ (علی آبادی، 1345: 132)، بە واتایەکی دیکە؛ دیار نییە ئایا پاشـای ئەشـکانی ناوەندی پێداچونەوەی کۆتایی بوە یا نا، هیچ زانیاریەکی دروست لەبارەی ڕیزبەندی ڕاست و دروستی ئەو سەردەمە سەبارەت بە سـیسـتەمی دادوەری لەبەردەسـتدا نییە (اشـرف، 1369: 90)، ئەو شـوێنەی پاشـا لەسـەر کورسـی دادوەری دادەنیشـێت هۆڵێکی تایبەتە و چەندین وێنە و شـێوەکاری لەسـەر بن میچەکە بۆ نیشـاندانی گرینگیی بنەماکانی دادپەروەری کێشـرابۆوە (کرمانی، 1369: 70)، یەکێک لە مێژوناسـەکان بەم شـێوەیە باس لە یەکێک لە کۆشـکەکانی سـەردەمی ئەشـکانی دەکات: "هۆڵێکە بە دۆلابێک داپۆشـراوە، لە ژێرەوەیدا

بەردی بە نرخی لەعل (لعل)ی ئاماڵ شـــین جێگیر کراوە، بە شـــێوەیەک کە لە ئاســـمان دەچێت، لەســـەر باگراوندی شینی بەردە بە نرخەکان وێنەی خواوەندیان بە ئاڵتون کێشـابوەوە وەک ئەستێرەکانی ئاسمان دەدرەوشـایەوە و لەو شـوێنەدا پاشـا دادەنیشـت و دادپەروەری دەکرد" (راوندی، 1369: 17)،بە باشـی لە وەسفی هۆڵەکەدا دەردەکەوێت کە هەندێک لە پاشـاکان گرینگیان بە چەمکی دادپەروەری داوە لە ئاسماندا دەدرەوشێتەوە و لەم شوێنەدا پاشا دادەنیشێت و دادپەروەری ئەنجام دەدا (بهنام، 1388: 182).

لە نێوان شـــتەکانی دیکەدا گرینگی پێدانی پاشـــاکانی ئەشـــکانی بە بابەتی دادپەروەری لەبەرچاوە نمونە وەک ئەرشەک (ئەرشاق) کە دو کەسی وەک ڕاوێژکار دانا، یەکێکیان بەرپرسایەتی ئەوە بو پاشا بە شـێوەی نوســراو لە کارە باشــەکان کە دەبێت ئەنجامیان بدات ئاگاداربکاتەوە و ئەوەی دیکەش دەبو ئەو سـزایانەی دەری دەکرد بۆی گوزارشـت بکا؛ هەروەها یەکەمیان ئەرکی ئەوە بو ئاگاداربێت نەوەکو پاشـا توڕەبێت و فەرمانێکی نادادپەروەرانە دەربکات و هەردەم پاشا بەرەو دادپەروەری و مرۆڤدۆستی ڕێنوێنی بکات (بهنام،1388: 182).

هۆکارێکی دیکە کە هەندێک لە پاشـاکانی ئەشـکانی گرینگیان بە دادپەروەری و یاسـا داوە دەکرێت بەم شـێوەیە باس بکرێت کە میتراداتیس (195-132پ.ز) پاشـــای ئەشـــکانی باشـــترین یاســـاکانی نەتەوە ژێردەستەکانی دوای داگیرکردنی وڵاتەکان کۆکردۆتەوە و لە دەوڵەتی ئەشکانیدا خستنییە بواری جێبەجێ کردن ( سن،2537: 133 )، سـەرەڕای ئەوەش، پاشـاکانی ئەشکانی کەسێکیان بەناوی چاو و گوێی پاشـا دانابو کە ئەرکیان لێکۆڵینەوە و ڕاگەیشـــتن بە ســـکاڵاکان و ڕێگریکردن لە دەســـتدرێژیکردن بو (اشــرف، 1369: 88)، لەشـــــارەکاندا خانەدانەکان و کەســـــە پلەبەرزەکان بەفەرمانی پاشـــــا مافی دادگاییکردن و مامەڵەکردنیان لەگەڵ کاروباری خەڵکدا هەبوە و ڕەنگە ئەم مافە وەک مافێکی عەشـیرەیی (ملوک الطوایفی) لە عەشیرتەکەیان میراتی بوبێت (علی آبادی،1345: 132).

لە سەردەمی ئەشکانییەکاندا دادوەرەکان لەلایەن پاشاوە و لە نێوان هەمان حەوت هۆزی گەورەی دەسەڵاتی ئەشکانیدا هەڵدەبژێردران (گریشمن، 1380: 312)، لەهەر ئاستێکدا خاوەنی باڵاترین دەسەڵاتی دادوەری بون و ســروشــتیشــە کە ئەم دەســەڵاتە دادوەرییە هەمو کات لە پلەبەرزەکانی کۆمەڵگە بێت بۆ نمونە خانەدانەکان پێکهاتبو؛ واتە دەســـــەڵاتی ناوەندی و ناوچەکانی ژێردەســـــەڵاتی والییە خۆجێیەکان بەهەمان شـــێوە ســـیســـتەمی دادوەری تایبەت بە ناوچەی خۆیان هەبوە (راوندی، 1369: 18)، کەمینە ئایینیەکان یان لانیکەم جولەکەکان جگە لەو بارودۆخانەی کە پەیوەندی لەگەڵ ســـیاســـەت و کاروباری ئاسایشی ناوخۆی وڵاتدا هەبو، پێکهاتەی دادوەریی تایبەت بەخۆیان هەبو (علی آبادی، 1345: 133).

لە سەردەمی ئەشکانیدا سەرەڕای سەربەخۆیی ناوخۆیی لە ناوچە و هەرێمییەکانی ژێر دەسەڵاتیان نەتوانرا بنەمایەکی دادوەری بەهێز دابمەزرێت و لەســـەر ئەم بنەمایەش خەڵکی هەر ناوچەیەک گوێڕایەڵی دادوەرە ناوخۆییەکانی خۆیان بون، دەکرێت بگوترێت بنەما دادوەرییەکانی هەر ناوچەیەک تێکەڵاویەک بوە لە حکومەتەکانی پێشـــو و یاســـا و دابونەریتی تایبەتی خۆیان (علی پاشـــا،1348: 205)، هەرچەندە دامەزراوەی دادپەروەری لاواز بو، بەڵام دامەزراوەی دادوەری بەهۆی زاڵبونی کەلتوری ئەشـــکانیەوە دەسەڵاتێکی زۆری هەبو و زۆربەی کێشەکان لەلایەن دەسەڵاتدارانی هەر نەتەوەیەکەوە چارەسەردەکران (کمرون، 1381: 84).

**ئەنجام**

دوای تەواوبونی توێژینەوەکە بە چەند ئەنجامێک گەیشتین کە گرینگترینیان ئەمانەی خوارەوەن:

١-حوکمڕانی ئەشکانییەکان لەسەر بنەمای هۆزەکان بونیادنرابو، بەشێوەیەک کە ئەو دەسەڵاتە لە خودی هۆزی ئەشکانییەکان و هۆزەکانی ناوچەکانی دیکە پێکهاتبو. هەر هۆزێک پێکهێنەری چەندین هەرێم بو، بۆ هەر ویلایەتێک والییەکیان دادەنا کە وەک پارێزگاری حکومەتی ئەشکانی پێناسە دەکرا.

٢-یەکە ئیدارییەکانی ئەشکانی بریتیبون لە: نوسینگەی پاشا، ئیدارەی جەنگ، ژوری چەک، ئیدارەی باج، چاپارخانە (شوێنی حەوانەوەی ئەسپی نامەبەر)، ناوەندی دراو، گومرگ و ئیدارەی بازرگانی.

٣-سوپای دەوڵەتی ئەشکانی بەسەر دو بەشدا دابەش دەکرێ: ١- سوپای پاشا ٢- سوپای پارێزگارانی ناوچەیی. سوپای پارێزگارانی ناوچەیی بەپێی توانا و هێزی حاکمی ئەو ناوچە دەردەکەوت. واتە ئەگەر پاشا بەهێز بوایە ئەوە سوپاکەش بەهێز دەبو. ئەو دەسەڵاتدارە ناوچەییانە لە کاتی شەڕدا دەبو سوپاکەیان لە خزمەتی پاشای ئەشکانییەکان دانابایە.

4- لە ڕەهەندی کۆمەڵایەتییەوە و دابەشکاری کۆمەڵگا شێوازی حکومڕانی ئەشکانییەکان بە شێوەی هەرەمی بو کە پاشا لە لوتکەی هەرەمەکە دابو. لە خوارەوەی ئەو والییەکان و دوای ئەوان خانەدانەکان و دواتر بازرگانە یۆنانییەکان و لە خواروی هەموان وەرزێڕان و جوتیاران هەڵکەوتبون. خانەدانەکان خاوەن زەویەکان بون، لە شارە گەورەکان دەژیان و هەم لە زەوی و هەم مافی زیاتر لە کاروباری بازرگانی بەهرەمەند بون. لەڕاستیدا پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ئەشکانییەکان هەروەک سەردەمی سلوکی و ئەخمینی بریتیبو لە چین و توێژی دیاریکراوی کۆمەڵایەتی کە پێگەی هەر تاکێک لە پەیوەندی لەگەڵ چینە کۆمەڵایەتییەکەیدا دیاریی دەکرا.

5-کۆمەڵگای سەردەمی ئەشکانییەکاندا بە هۆی بونی سیستەمی دەرەبەگایەتی و هۆزایەتی و نەبونی حکومەتێکی ناوەندی بەهێز و حکومەتی ناوچەیی بە شێوەیەکی میراتی دەگەیشتە بنەماڵەکان و بنەمایەکی دادوەری یەکگرتو و یەکانگیر بونی نەبو.

6-بناغەی ئابوری و داهاتی ئەشکانییەکان لەسەر کشتوکاڵ و بازرگانی دامەزرابو، پیشە گرینگییەکی ئەوتۆی نەبو، پاشاکانی ئەشکانی پشتیوانیان لە پەرەسەندی بازرگانی دەکرد، هۆکارەکەشی ئەوە بو داهاتی گومرگی بازرگانی یەکێک لە گرینگترین سەرچاوەکانی داهاتی گەنجینەی پاشاکان بو. ئێرانی سەردەمی ئەشکانی لە بازرگانی نێودەوڵەتی، ڕۆڵی مامناوەندی لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا دەگێڕا.

7-سیستەمی باجی ئەشکانییەکان گشتی بو، دەوڵەت زۆر پێداگر بو لەسەر وەرگرتنی باج و هەندێک جار پاشاکان خۆیان چاودێری سکاڵا و دادوەرییان دەکرد و هەروەک سەردەمی ئەخمینییەکان ئەوان باڵاترین ناوەندی دادوەریی بون کە دەیانتوانی کێشەکان یەکلایی بکەنەوە.

٩-بەو پێیەی کە شێوەی حوکمڕانی لە ئێران دەرەبەگی و هۆزایەتی بوە؛ لە کاروباری ئایینیشدا قۆناغێکی تێکەڵاوی ئایینی دەبیندرێت. دوای هاتنی ئەسکەندەر بۆ ئێران و پەرەسەندی کەلتور و شارستانییەتی یۆنانی، پەرستنی ئایینی ئەوان لەلایەن پاشایانی ئەشکانی باو بو.

10- بەهۆی ئەوەی کۆمەڵگای ئەشکانی دەرەبەگی بو سیستەمی دادوەرییەکەشی لە ژێر کاریگەری دەرەباگەیتیدا بو واتە دادوەرەکان لەلایەن پاشاوە هەڵدەبژێردران و لە هەمان حەوت خانەدانی بەناوبانگی ئەشکانییەکان بون و هەر ناوچەیەک شێوازێکی تایبەت بە خۆی لەباری دادوەرییەوە هەبو.

# Managmet system of the Parthian State (250BC-224AD)

**Hilmi Rasool Redha[1], - Ibrahim Abdulla Ahmad[2]**

[1+2]Departemant of History, College of Human science, University of Raparin, Ranya, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract

This research entitled (Managmet system of the Parthian State) (250BC-224AD) emphasizes on asoects of administration as well as various aspects of ruling the country. The current research consists of three main parts and a separate list of resources. The first part includes the system of governance and management and the military, which first examines the concept of management and the military, which first examines the concept of management and then explains the system of governance and how to manage the country, then examines the military structure of the Parthians. The second part explains the social and economic system, ehich means it tries to explain the social structure of that ear and then the economic management. Finally, the third part examines the judicial system and laws and how to issue judgments, and then the religious system and religions of the Parthians.

**Keywords** Parthian, Iran, Administration, Military, Social, Economy, Judiciary and Religion.

## پەراوێزەکان:

* لە دوای مردنی ئەسکەندەر لە ساڵی ( 32٣پ.ز)، سەرکردەکان ئیمپراتوریەتەکەیان لەنێوان خۆیاندا دابەشکرد و زیاتر لە سی ساڵ لەگەڵ یەکتردا شەڕیان کرد بۆ ئەوەی هەریەکەو بەشێکی زیاتر لە میراتی ئەسکەندەر بەدەستبهێنێت، یەکێک لەم سەرکردە سەربازیانە سلوقس (311–281 پ.ز) بو کە دەوڵەتی سلوکی دامەزراند (بیکرمان، 1386: 102). ماوەیەک دوای ساڵی (312پ.ز) (سلوقس) ولایەتەکانی شام و عێراق و ئێرانی داگیرکرد و ئەو دامەزرێنەری شانشینی سلوقی بو(دیاکونوف، 1394: 15).

** مەجوسەکان یان موغەکان ناسناوی پیاوانی ئایینی زەردەشتییە لە سەردەمانی مێژوی ئێرانی کۆن و یەکەمین بەکارهێنانی وشەی موغ لە بەردنوسی بێستوندا بوە (دیاکونوف، 1380: 168–175).

*** (کەرخ) دەوڵەتێکی بچوکە لە باشوری وڵاتی عێراق دروست بوە و لە سلوکییەکان جیابوەتەوە بەهۆی لاوازبون لە ئەنجامی تێکشکاندنی پاشای سلوکی (ئانتیوخۆسی سێهەم–223–187 پ.ز) بە دەستی ڕمان، ئەوانە بە ئازایەتی خۆیان لەسەردەمی ئەشکانیدا لەو دەوڵەتە گرینگانەی سەربە ئەشکانییەکان بون(باقر، 2018: 403).

**** ساکایەکان لە مێژوی کۆندا بە سێ پارچەی جوگرافی جیاوازیشدا پۆلێنبەندی دەکرێن؛ یەکەم ناوی ساکا لە بەردنوسەکانی ئەخمینی وەکو (Saka)ناویان هاتوە، لەبەڵگە ئاشوری و بابلییەکاندا بە (ئەشگوزانی) ناسراون و تەوارتیش وەکو (ئەشکوز یان ئەشکناز) ناویان دەبات و یۆنانیەکانیش وەکو (Skuthoi)ناویان دەبەن و ئەوروپییەکانیش لە دەقە مێژوییەکاندا پێیان دەڵێن (Scythe) کە مەبەست ئەو ساکایانەی دانیشتوی ڕۆژهەڵاتی دەریای خەزەر (کاسپین یان مازەندەران)ە؛ ساکاکان بە سێ بەش دابەشدەبون: یەکەم ساکاییەکانی ئاسیای ناوەڕاست کە لە ناوچەکانی سەیحون، جەیحون و ڕۆژهەڵاتی دەریای ئاراڵ نیشتەجێ بون ساکاییەکانی ڕۆژئاوا کە لە بەڵگە یۆنانییەکان بەتایبەتی هێرۆدۆت باسیان لێوەکراوە دانیشتوی باکوری دەریای ڕەش بون و ساکاییەکانی ئاسیای ڕۆژئاوا کە بەدوای شەڕ لەگەڵ (کیمیری)ییەکان لەم ناوچەیە واتە باشوری ئانادۆڵ و تەنانەت باشوری چیاکانی قەفقاز نیشتەجێ بون بۆ ماوەی حەفتا ساڵ بەردەوام هێرشیان دەکردە سەر ئێران، ئاسیای بچوک و دوئاوان و هتد. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (هێرۆدۆت، 2013: 399–447)؛ م. (دیاکونوف،1380: 97–95)؛ (موسوی بجنوردی، 1393: 327–339).

****سیستەمی ملوک الطوایفی یان دەرەبەگایەتی(Feudal) لە سەردەمی ئەشکانیدا سیستەمی زاڵ بۆ دەسەڵاتی سیاسی بو، هەر ناوچەیەکی ژێر دەسەڵاتی ئەشکانییەکان دەدرایە دەرەبەگێک کە بەناوبنگترینیان 7 خێزان بون کە لە سەروی هەموانەوە بنەماڵەی دەسەڵاتداری ئەرشاقی بون (باقر و آخرون، 1997: 103).

***** شەڕی حەران لە ساڵی 53 پ.ز لەنێوان ئەشکانییەکان و ڕۆمانییەکان لە ناوچەی نێوان ئۆرفا و راس العین ڕویدا (جوادی، 1380: 232-236).

****** شاری ڕێی یەکێک لە کۆنترین شارەکانی ئیرانە کە بە (شیخ البلاد) ناسراوە لە نزیکەی شاری تاران هەڵکەوتوە(بارتولد، 1308: 246)

******* موغستان، جۆرێکبو ئەنجومەن لە سەردەمی ئەشکانییەکان بو و زیاتر لە پیاوانی ئایینی پێکهاتبو، (مشکوری، 1347، 128).

## سەرچاوەکان


أحمد عجاج الكرمي، حافظ. (2007)، الادارة فی عصر الرسول، قاهره، درا السلام للطباعة و النشر و التوزیع و الترجمة.

احمدی، اشرف. (1346)، قانون و دادگستری در شاهنشاهی ایران باستان، تهران ، انتشارات فرهنگ و هنر.

العلان، ارواد عدنان. (2011)، الدولة الاشكانية، دمشق، دار موسسة رسلان للطباعة و النشر و التوزيع.

الصالحی، واثق اسماعیل. (1979)، "الملامح البارزة للفن الفرثی فی ضوء المكتشفات الاثرية"، مجلة كلية الآداب، العدد 26، منشورات جامعة بغداد.

اعتماد السلطنه (1371) ، تاریخ اشکانیان، به کوشش نعمت احمدی، تهران، نشر اطلس.

ایزیدور، خاراکسی. (1390)،ایستگاه های پارتی، ترجمه فیروز حسن عزیز، تهران ، انتشارات گنجینه هنر.

باقر، تەها. (2018)، سەرەتایەک بۆ مێژوی شارستانییەتە دێرینەکان، و: عوسمان عەزیز عەلاف – کەمال نوری مەعروف، سلێمانی، دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان.

بارتولد، واسیلی. (1308)، تذکره جغرافیای تاریخی ایران، ترجمه حمزه طالب زاده، چ اول، چاپخانه اتحادیه طهران.

باقری، مهری. ( 1385)، دین های ایران باستان، تهران، نشر قطره.

بربر، كامل. (1996) الادارة عمليه و نظام،ط1، بيروت، الموسسة الجامعية للدراسات و التوزيع.

بروسیوس، ماریا. (1386) شاهتشاهی هخامنشی، ترجمه هایده مشایخی، تهران، نشرماهی.

بهنام ،امیر. (1388)، تمدن ایرانی، چ اول، تهران. نشر جامی.

بیات، عزیرالله. (1368)،کلیات تاریخ و تمدن ایران پیش از اسلام، تهران، مرکز چاپ و انتشارات دانشگاه شهید بهشتی .

بیانی، شیرین. (1378)، شامگاه اشکانیان و بامداد ساسانیان ، انتشارات دانشگاه تهران.

پیرنیا، حسن. (1386)، تاریخ ایران باستان، چ 1و2، تهران، نشر نگاه.

بیکرمان،ا. (1386) « دورەی سلوکی»؛ تاریخ ایران از سلوکیان تا فروپاشی دولت ساسانی، گردآورنده جی .آ. بویل ، ترجمه حسن انوشه ، چ 3، قسمت اول، انتشارات امیر کبیر.

جمالی، فریما. (1387). تفکیک قوا در ایران باستان، تهران، دانشگاه تهران.

جوادی، غلامرضا. (1380)، مدیریت در ایران باستان، تهران، سازمان چاپ و انتشارات وزارت فرهنگ و ارشاد اسلامی.

حجتی کرمانی، علی. (1369)، سیر قضاوت در ادوار مختلف تاریخ، تهران، نشر دانشگاه تهران.

خدادادیان، اردشیر. ( 1386) تاریخ ایران باستان، جلد اول، تهران ، نشر سخن.

دیاکونوف،م.م. (1390) تاریخ ایران باستان، ترجمه روحی ارباب، چ ششم، تهران، انتشارات علمی و فرهنگی.

دیاکونوف،م.م. (1394) اشکانیان، ترجمه کریم کشاورز، تهران، نشر پیام.

دیاکونف م.م. (1380) تاریخ ماد، ترجمه کریم کشاورز، تهران، انتشارات علمی و فرهنگی.

راوندی، مرتضی. ( 1368)، سیر قانون و دادگستری در ایران، تهران، نشر چشمه.

راوندی، مرتضی. (1354) تاریخ اجتماعی ایران، 1354،تهران، نشر امیر کبیر.

رجبی، پرویز. (1385)، هزاره های گمشده، تهران ، انتشارات توس.

زرین کوب، عبدالحسین. (1374)، ایران گذشته باستانی ایران، تهران، نشر سخن.

سرافران، علی اکبر و فیروزمندی، بهمن. (1373) مجموعه دروس باستان شناسی، تهران، نشر مارلیک.

سعید قانعی. (1389)، پادشاهان اشکانی، تهران، نشر پل.

شایان فریدون. (1351)، سیری در تاریخ ایران باستان، تهران نشر رز.

شوشتری عباس و علی پور محمد. (1321)، ایران نامه یا بهره دوم از کارنامه ایرانیان در عصر اشکانیان، تهران، چاپخانه بانک ملی ایران.

شیپمان، کلاوس. (1386)،مبانی تاریخ پارتیان، ترجمه هوشنگ صادقی، تهران، فروزان روز.

صالح، علی پاشا. (1348)، سرگذشت قانون یا مباحثی از تاریخ حقوق، تهران، دانشگاه تهران.

صفا، ذبیح الله. (1376)،تاریخ سیاسی و اجتماعی و فرهنگی ایران، تهران، نشر فردوسی.

طه باقر و اخرون. (1980)، تاريخ ايران القديم، بغداد، مطبعة جامعة بغداد.

علی آبادی ، محمد حسین. (1345)، تاریح حقوق ایران، تهران، انتشارات دانشکده حقوق و علوم سیاسی و اقتصادی.

فرعون محمود و العلان ارواد. (2011)، دراسات فی تاریخ فارس و حضارتها، دمشق، منشورات جامعة دمشق.

کارنامه اردشیر بابکان. (1378)، ترجمه بهرام فره وشی، چاپ دوم، تهران، انتشارات دانشگاه تهران.

کالج، مالکم. (1388) اشکانیان (پارتیان) ترجمه: مسعود رجب نیا، تهران، نشر هیرمند.

کرتیس،جان. (1389) ایران کهن، ترجمه خشایار بهاری، چاپ اول، تهران، نشرکارنگ.

سن، آرتور کریستین. (2537 شاهنشاهی) مزدا پرستی در ایران قدیم، مترجم ذبیح الله صفا،چ 3، تهران، شرکت مولفان و مترجمان ایران.

کمرون، جورج گلن. (1381) ایران در سپیده دم تاریخ ، ترجمه حسن انوشه، تهران، انتشارات علمی و فرهنگی.

گرانتوسکی، ادوین اریدویچ و دیگران. (1386)، تاریخ ایران باستان تا امروز، مترجم کیخسرو کشاورزی، تهران، نشر مروارید.

گیرشمن، رومن. (1380)، ایران از آغاز تا اسلام، ترجمه محمود بهروزی، تهران، انتشارات جامی.

محمد درة، عمر. (2009) مدخل الى الادارة، حلب، مطبعة جامعة عين الشمس.

محیی، جواد. (1381) تاریخ تمدن، تهران، انتشارات گوتنبرگ.

مشکوری، محمد جواد. (1347)، تاریخ اجتماعی ایران در عهد باستان، تهران، دانشسرای عالی.

موله، مازیران. (1380)، ایران باستان ترجمه ژاله آموزگار، تهران، نشر توس.

موری،پی،آر،اس. (1380) ایران باستان، ترجمه شهرام جلیلیان، تهران ،انتشارات فروهر.

موسوی بجنوردی، کاظم. (1393)، تاریخ جامع ایران، جلد یکم، تهران، انشارات مرکز دایره المعارف اسلامی.

میرسعیدی، نادر. (1387)، سلوکیان و اشکانیان ، تهران، انتشارات ققنوس.

نیبرگ، هنری ساموئل. (1383)، دینهای ایران باستان ، ترجمه سیف الدین نجم آبادی، تهران، مرکز ایرانی مطالعات فرهنگها.

هورا، کلمان. (1379) ایران و تمدن ایرانی،ترجمه حسن انوشه، تهران، نشر امیرکبیر.

ورستاندک، اندره. (1386)، تاریخ امپراطوری اشکانیان، ترجمه محمود بهفروزی، تهران، جامی.

ولسکی، یوزف. (1388) شاهنشاهی اشکانی، ترجمه مرتضی ثاقبفر، تهران، انتشارات ققنوس.

ویدن گرن،گئو. (1378)، دین های ایران باستان،( از550قبل از میلاد تا 650 بعد از میلاد) ، ترجمه مرتضی ثاقب فر،تهران، انتشارات ققنوس.

ویسهوفر، یوزف. (1388)،تاریخ پارس از اسکندر مقدونی تا مهرداد اشکانی، ترجمه هوشنگ صادقی ،تهران، فرزان روز.

یارشاطر، احسان. (1387)، تاریخ ایران از سلوکیان تا فروپاشی دولت ساسانی، ترجمه حسن انوشه تهران، انتشارات امیرکبیر.

یوزف، ویزهوفر. (1392) امپراتوری اشکانی و اسناد و منابع آن: مجموعه مقالات، تهران، نشر فرزان روز.

فرعون محمود و العلان ارواد. (2011)، دراسات فی تاریخ فارس و حضارتها، دمشق، منشورات جامعة دمشق.